## فراوانبوونی ئاسۆیی هەولێر

# تاچەند رەچاوی تەلارسازی کراوە؟

هەولێـــر لەنێوان ســـاڵانی ٢٠٠٤- ٢٠٠٩ بەراورد بەشـــارەکانی تری عێراق تارادەیـــەك گۆڕانکاری لەژیان و گوزەرانـــی دانیشـــتوانی پارێزگاکەدا روویدا، ئەمەش دوای ئەوەی کارو پـــرۆژەکان گۆڕانکاریەکی نەوعیان بەخـــۆوە بینی، بەڵام ئێســـتاکە چەندین گرفت و ئاســـتەنگ هاتۆتە بەردەم جێبەجێکردنـــی پرۆژە گەورەکان، ســـەرۆکی شارەوانی هەولێریش هۆکارەکەی بۆ کەمی بودجەی بەردەست دەگەڕێنێتەوە . لەم رووەوە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ شارێك کە بەخێراییەکی پێوانەیی لەرووی ئاسۆییەوە فراوان دەبێت، پێویستی بەبودجەیەکی باش هەیە. لەلایەکی ترەوە لێرەو لەوێ گرفتی ئەندازیاری شارســـتانی و تەلارســـازی سەریهەڵداوە، بەرادەیەك مامۆســـتایان و شارەزایانی ئەندازیاری زانکۆی ســـەڵاحەدین لەم راپۆرتەدا ئاماژە بە بوونی ئەو کەموکوڕیانە دەکەن و چەند پێشنیارێکیش بۆ چارەسەرکردنی دەخەنەڕوو.



عەلی ڕەشید سەرۆکی شارەوانی:

## بودجەی پێویستمان بۆ ئەو فراوانبوونە خێرایەی هەولێر لەبەردەستدا نییە

دکتۆرە شەونم ڕەشید ڕاگری کۆلێژی ئەندازیاری:

## هەماهەنگی لە نێوان زانکۆی سەڵاحەدین و وەزارەتەکان بەهێز نییە

دکتۆر فەیسەڵ دەهام لەکۆلێژی ئەندازیاری:

## بۆ کارو پڕۆژەکان پێویستە پشت بە شارەزایان و پسپۆرانی ناوخۆ ببەسترێت

دکتۆر عەلی عزەدین سەرۆکی بەشی تەلارسازی لە کۆلێژی ئەندازیاری:

## لەدروستکردنی باڵەخانەو سوپەرمارکێتەکاندا خێراییەکی زۆری پێوە دیارە





عەلی ڕەشید

## بودجەی پێویستمان لەبەردەستدا نییە

سەبارەت بەکارو پرۆژەکانی شارەوانی لە هەولێر عەلی رەشید سەرۆکی شارەوانی هەولێر وتی: کارو پرۆژە ستراتیژییەکانی شارەوانی بۆ خزمەتگوزاری هاوولاتیانە، بۆ ئەم ساڵ پێنج پرۆژەی گەورە بەبەهای ٢١ ملیار دینار چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، پرۆژەکانیش بریتین لە( دوو پردی پەرینەوە، بەرزە پردو ژێر پردی چوارپایانی مەخمور، پرۆژەی تەواوکاری رێگای ١٢٠مەتری)، هاوکات لەلایەن پارێزگای هەولێریشەوە نزیکەی ١٠٠ملیار دینار بۆ کارو پرۆژەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و هەر ٦ شارەوانییەکە تەرخانکراوە. هەروەها چەندین پرۆژەی تری ستراتیژی و گەورەمان لە ژێر جێبەجێکردنە وەکو ( هەردوو بەرزە پردو ژێر پردی چوار ڕیانی رزگاریی و جیهان ) ئەو دوو پرۆژەیەش دواکەوتووە بەهۆی گیروگرفتی ئاوو هەواو گرفتی کەمئاوی روویدات، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی هەولێر بودجەی پێویستمان بۆ ئەو گەورەبوونە خێرایەی شار لەبەردەستدا نییە، ئێمە بەرنامەو پلانەکانمان وا دارێژتووە کە کامە گەڕەك زیاترین ڕێژەی دانیشتوان هەیە بۆ ئەو گەڕەکە خزمەتگوزارییەکان پێش دەخەین، بەڵام لە پلانی ٢٠١٢ کە ٢١ ملیار دینار بۆمان تەرخانکراوە بۆ کارو پرۆژەکان زۆر کەمە لە چاو ئەو کارو پرۆژانەی کە پێویستمانە.

## چارەسەری کێشەکان لەسەر بنەمای داواکاری خەڵك

سەبارەت بەوەی تا چەند داواکاری خەڵك لە ریزبەندی پرۆژەکان لەبەر چاو دەگیرێت سەرۆکی شارەوانی هەولێر وتی: ئێمە لە رێگای هەر ٦ شارەوانییەکانەوە لە نزیکەوە داواکاری و پێداویستییەکانی هاوولاتیان وەردەگرین، کابینەی ٧ی حکومەت کە تەنیا یەك ساڵ و ٤مانگی لەبەر دەستدایە یەکێکە لەو کابینانەی کە گرنگی بە داخوازی و کێشەو کەموکوری هاوولاتیان دەدات و لەسەر بنەمای داواکانی خەڵکەوە ئەولەویەت بە کارو پرۆژەکان دەدات، ئێمە ئێستاکە لەم کابینەیەدا لە لایەن ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار کراینەوە و پەیامەکەشمان لەلایەن جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارو پارێزگاری هەولێرەوە پێ گەیشتووە کە:(دەبێت شەو و ڕۆژ لە کارکردن دا بین تاوەکو لە ئاست و داواکارییەکانی هاوولاتیانی شاری هەولێردا بین..) .

## تێکەڵ و پێکەڵی لەتەرخانکردنی زەوی

سەبارەت بەمەسەلەی تەرخانکردنی زەوی بەتایبەت بۆ وەبەرهێنەران سەرۆکی شارەوانی هەولێر وتی: لە کۆتایی ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠دا خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە کارو پرۆژەکانی وەبەرهێنان کرد، کە کاروبارەکانی شارەوانی لە رووی زەوی دابەشکردن تاڕادەیەك ئاڵۆزی تێدا دروست بوو، چونکە لیژنەیەك لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار هەبوو کە هەڵدەستا بەدابەشکردنی زەوی لە رێگای موساتەحەوە بەسەر وەبەرهێنەکان، لە ڕاستیدا ئەوەش لە کاتی خۆیدا گیروگرفتێکی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دروست کردبوو، بەڵام لە کابینەی تازەدا وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار فەرمانی کرد پێش نەخشەکان گشت پرۆسەی کارکردن لە سەرۆکایەتی هەولێر ئەنجام بدرێت و وەزارەتیش وەکو چاودێرێك بێت بەسەر کارو پرۆژەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی یەوە، ئێستا گشت نەخشەکان لەرێگای ئەنجومەنی شارەوانی دێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی، بەڵام ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران بوو لیژنە نەبوو، بەڵکو بەپێی یاسا ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەبووە کە زەوی بەسەر هاوولاتیان دابەش بکەن، ئەو دابەشکردنی زەویانە یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئێمە بۆتەوە کە کاریگەری لەسەر گەیاندنی کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەبووە.

**پێویستە لە هەر کارێکی تەلارسازی و مەدەنی لە کاتی دروستکردنی گەڕەك و شوێنی نیشتەجێبوونەکاندا ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی خەڵکی شارەکە بکرێت**

نەخشەسازی کە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی شارەوانی لێی بەرپرسین، هۆکاری سێیەمیش سستی و کەمتەرخەمی کۆمپانیای جێبەجێکارە، هەروەها پرۆژەی رێگای هەولێر-کەرکوك کە ئەمەش دەکاتە رێگای هەولێر تا بازگە و لە پاشان تا دەگاتە قوشتەپە، پرۆژەی شەقامی خزمەتگوزاری ١٠٠مەتری کە لە شەقامی کەرکوك تا شەقامی کۆیە..)، لەبواری پرۆژەکانی ئاویش دا هەرچەندە لەبیرە کۆنەکان کێشەمان هەیە بەڵام چاوەڕوان ناکرێت



## گرفتی زبڵ و خاشاك

سەرۆكی شارەوانی هەولێر سەبارەت بە زبڵوخاشاك وتی: باگراوەندێكی ناخۆشمان لەڕووی خاوێنكردنەوەی شارەوە هەیە، وەكو كۆنتراكت پاككردنەوەی هەولێر بە كۆمپانیای جەنائین درا و ئەویش تێیدا سەركەوتوو نەبوو، لەپاشان بە كۆمپانیای سیپێك ترۆمی بەریتانی درا و دواتر نەیتوانی بە كارەكان هەڵبستێت، هەربۆیە بۆ پاككردنەوەی هەولێر گەیشتینە ئەوەیی كە هەولێر بكەینە ٦ زۆن بەپێی ٦ شارەوانیەكەی كە هەیە، چونكە هەولێر شارێكی بەرفروان و گەورەیە و هەر زۆنێكی بە كۆمپانیایەكی لێهاتووی ناوخۆ بدەین، ئەو پرۆسەیە چووە كاری جێبەجێكردن و لە ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٧ كاركردنی زۆنی شارەوانی ٥دەستی بەكارەكانی كرد كە سنووری كاركردنەكەی لە شەقامی ئیسكانەوە تا شەقامی مەخمورە و دارەتوش لە ناو سنووری كاركردنەكەی دایە. ئێستاكە شاری هەولێر بەرەو پاك و خاوێنی دەچێت پێش ٦مانگ لەمەوبەر ڕۆژانە تەنیا ٤٠٠تا٥٠٠تەن زبڵوخاشاك لە ناو هەولێر هەڵدەگیراو دەگوازرایەوە، بەڵام ئێستاكە ڕۆژانە لە زیاتر لە ٢٠٠٠تەن زبڵوخاشاك لە ناو گەڕەكەكان و سەنتەری شاری هەولێر دەگوزارێتەوە. پاككردنەوەی هەولێر مانگانە دوومليارو ٨٠٠سەد مليۆن دیناری بۆ تەرخانكراوە، بەڵام تا ئێستاكە لە ڕووی ڕیسایكلین بە شێوەیەكی زۆر سەرەتای زبڵوخاشاكەكە ژێرخاك دەخرێت.

## هۆكاری دواكەوتن و جێبەجێ نەكردنی پرۆژەكان

سەبارەت بە هۆكاری ئەنجامنەدان و دواكەوتنی هەندێ پرۆژەی ستراتیژی وەكو فراوانكردنی پرۆژەی ئاوی ئیفراز سێ و ئاوەڕۆی ئاوی قورسی هەولێرو پشتێنەی سەوزو چەندین پرۆژەی تر سەرۆكی شارەوانی هەولێر وتی: هۆكاری سەرەكی دواكەوتنی ئەو پرۆژە ستراتیژی و گرنگانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بودجە، هەر بۆ نموونە پرۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی هەولێر زۆر پێویست و گرنگە و بودجەكەشی زۆرە بۆیە پێویست بوو حكومەت و لایەنی پێوەندار ئەو بودجەیە لە ڕێگای كەناڵێك وەكو قەرزی درێژخایەن لە وڵاتێك یا ڕێكخراوێك یا لە بانكی نێودەوڵەتی دابینی بكات ئینجا دەست بەكارەكانی بكرابووایە، بۆ دابینكردنی ئەو بودجانەش زۆر هەوڵدرا و ئەوانەی دەیانویست هاوكاری حكومەتی هەرێم بكەن دەیانویست كارو قەرزەكان لە ڕێگای حكومەتی عیراقی فیدراڵ بێت، ئەوانیش وەكو حكومەتی عیراق بۆ ئەو پرۆژانە بەهیچ جۆرێك هاوكاری ئێمەیان نەكردووە .

## پسپۆرانی كۆلێژی ئەندازیاری نەیانتوانیوە هەماهەنگی ئێمە بكەن

سەبارەت بەوەی تا چەند پسپۆڕان و شارەزایانی ناوخۆ بەتایبەتی مامۆستاو پسپۆڕانی كۆلێژی ئەندازیاری زانكۆی سەلاحەدین لە كارو پرۆژەو دیزاینەكان یارمەتیدەرن، سەرۆكی شارەوانی هەولێر وتی: لە حەقیقەتدا



دكتۆر عەلی عزەدین

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و مامۆستاو ستافەكانی ناو كۆلێژەكان لەبەر سەرقاڵی و كاری ڕۆژانەی خۆیان نەیانتوانیووە هەماهەنگی تەواوی ئێمە بكەن و بەهەمان شێوە ئێمەش لەبەر كارو ئەركی خۆمان نەمانتوانیووە گرنگی بەو بوارە بدەین، بەڵام لەو كارو پرۆژانەی كە باسمانكردوو كە لەلایەن كۆمپانیا بیانییەكان جێبەجێ دەكرێت ئەوە مەرجمان لەسەریان دانابوو كە پسپۆڕێك لە زانكۆی سەلاحەدین لەسەر ئەو پرۆژانە بن، بەڵام گەشبین نیم لە ئاستی ئەو هەماهەنگیەی لە نێوان ئێمەو زانكۆی سەلاحەدیندا هەیە .

لە كۆتایدا سەرۆكی شارەوانی وتی: دەبێت ئەوە بزانین لە كاتی ئاوەدانكردنەوەو گەشەكردنی شارو وڵاتدا هەندێ كێشەو كەموكوڕیش دێتە پێش دەبێت ئەو كێشانەش بە هێنانەوە بە یاسایی بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان و شارەكە

**پلانی ستراتیژی نیشتەجێبوون لەشاری هەولێر و سەرجەم شارەكانی تر دانەڕێژراوە بە شێوەیەك كە ڕەچاوی ئیمكانیاتی هاووڵاتیان بكات و كێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بكات**

لەسەرخۆ چارسەر بكرێت، هاوكات داواكارم لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو بودجەیەی لە وەزارەتی پلاندانان بۆ پرۆژە ستراتیژییەكانی سەرۆكایەتی هەولێر تەرخانی دەكەن زیادی بكەن .

## ڕۆڵی كۆلێژی ئەندازیاری لەدیزاین و پرۆژەكان

سەبارەت بە پێوەندی نێوان شارەزایانی كۆلێژی ئەندازیاری و وەزارەت و دامودەزگا پێوەندارەكان لەهەولێر دكتۆرە شەونم ڕەشید ڕاگری كۆلێژی



ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین وتی: کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین، یەکێکە لەو دەزگا ئەکادیمیانەی هەرێمی کوردستان کە کۆمەڵگای کوردەواری بەشێوەیەکی گشتی و شاری هەولێری پایتەختی کوردستانی بەتایبەتی بەئەندازیاری شارەزاو بنیادنەر ئاشناکرد، ئەم کۆلێژە هەر لە هەفتاکانی سەدەی رابردووەوە دەزگایەکی راوێژکاری ئەندازیاری هەیە کە ژمارەیەکی زۆری لە پسپۆڕایەتی جۆراوجۆری ئەندازیاری لە خۆ گرتووە، هەر ئەو نووسینگەیە لە بوارەکانی بیناسازی و تەلارسازی و شارستانی و کارەبا و میکانیک و بەنداو سەرچاوەکانی ئاو و پرۆگرامسازی و رووپێواندا لە ماوەی ساڵانی رابردوودا کە لە لایەن حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان و لایەنی پێوەندار پەیوەندی پێوەکراوە بەشداربووین لە کارو پرۆژەدا لەوانە هەستاوە بە ئەنجامدانی زۆر کاری گرنگ بۆ نموونە وەکو ئەنجامدانی کاری پشکنینی خۆڵ و کارەکانی جیۆتەکنیک بۆ فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی دیزاین بۆ زۆر لە بەنداو پردوو بەرزەپردو ژێرپردو باڵەخانەی جۆراوجۆر لە هەولێر و شارەکانی تری هەرێمی کوردستان، بەڵام رەخنەو گلەیشمان زۆرە لەبەر ئەوەی وەکو تەماشا دەکەین توانای نووسینگەی راوێژکاریمان زۆرە و لە لایەن حکومەت و وەزارەتەکانەو بۆ دیزاین و چەندین پرۆژەی گرنگ بەکارنەهێنراوە، تەنانەت دەتوانم بڵێم پرسیشمان لە زۆر کارو پرۆژەدا پێ نەکراوە و هەماهەنگی لە نێوان شارەزایانی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین و وەزارەتەکان بەهێز نییە و کەمترین راوبۆچوونمان وەردەگیرێت، لە لایەکی تر کارو پرۆژەکان بەدەرنین لە کەموکوڕی ئەندازیاری بە تایبەتی لە بواری شارستانی و تەلارسازییەوە، چونکە هەولێر خۆی خاوەن کلتورو مێژوویەکی دێرینی شارستانی و بیناسازی جوانە کە بەجێدی کاری دەوێت .

## چەند پێشنیارێک لەبواری دیزاین و پرۆژەکان

هەر سەبارەت بەرۆڵی نووسینگەی راوێژکاری دکتۆر فەیسەڵ دەهام پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین وتی: کۆلێژی ئەندازیاری بە هەموو بەشەکانییەوە رۆڵی گرنگی هەبووە لە ئامادەکردنی کادیرو ئەندازیاری پسپۆڕایەتی جیاجیا، پێویست بوو پشت بەشارەزاو پسپۆڕانی ناوخۆ ببەستن نەک لایەنە پێوەندارەکانی حکومەت بچن کۆمپانیای بیانی بۆ دیزاین و کارو پرۆژەکان بە بودجەی خەیاڵی بهێننە کوردستان.



دکتۆر فەیسەڵ دەهام

**لێرەدا بە پێویستی دەزانم لەمبارەوە چەند پێشنیارێک بخەمەروو:**

١- راوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕانی تایبەت بە بواری ئەندازیاری ناوخۆ لەجیاتی هێنانی پسپۆڕانی بیانی.

٢- بەشداریکردنی نووسینگەی راوێژکاری زانکۆی سەلاحەدین لە دانان و ئەنجامدانی ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکان .

٣- بایەخدان بە باڵەخانەی نیشتەجێبوونی ستوونی لە جیاتی ئاسۆیی.

٤- بایەخدان بەدیزاینی تۆڕی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆی باران و ئاوەڕۆی ئاوی قورس و وێستگەی پاڵاوتنی ئاوی قورس و دروستکردنی باخچەو پارک و پانتایی سەوز و پشتێنەیی سەوز بەچواردەوری هەولێر.

٥- گواستنەوەی هەموو کارگەکانی میکانیکی و بەرهەمهێنەر لەناو شار بۆ دەرەوەی شاری هەولێر .

٦- دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین بۆ دووبارە بەکارهێنانی زبڵوخاشاک .

٧- رەچاوکردنی پاراستنی شێوەو مۆدیل و دیزاینی کۆن و شارستانیەتی بیناسازی شاری هەولێر.

٨- پێویستە لە هەر کارێکی تەلارسازی و مەدەنی لە کاتی دروستکردنی گەڕەک و شوێنی نیشتەجێبوونەکاندا رەچاوی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی خەڵکی شارەکە بکرێت.

## کەموکوڕی لە پێشکەوتن و پرۆژەکان هەیە

سەبارەت بە تێڕوان و بۆچوونی پسپۆڕایەتی و ئەندازیاری شارستانی و تەلارسازی بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی شاری هەولێر دکتۆر عەلی عزەدین سەرۆکی بەشی تەلارسازی لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین وتی: ئاوەدانکردنەوەی شاری هەولێر زۆر پێشکەوتووە و ئاست و هەنگاوی ئەندازیاری و زانستی باشی پێوە دیارە، بەڵام لە هەندێ شوێن و کاردا کارو ئیش و پرۆژەو باڵەخانەکان بە پێی داواکاری و زەوقی سەرمایەدارەو خاوەن کارەکان ئەنجام دراوە و کەموکوڕی لە پێشکەوتن و پرۆژەکان هەیە و لە پرۆژەی باڵەخانەو بازاڕو مۆڵ و سوپەرمارکێتەکان خێرایەکی زۆری لێ کراوە کە لە ئەنجامی ئەو پەلەکردنانەدا کێشەو کەموکوڕی بەدی دەکرێت، هاوکات تا ئاستێکیش پارێزگاری لە کلتورو دیزاینی کۆنی بیناسازی و تەلارسازی شارەکە کراوە بە تایبەتی لەو باڵەخانەو کارو پرۆژە جوانکاریانەی لە دەوری قەڵاتی هەولێر ئەنجام دراون، سەرەڕای ئەوەش دەکرا هەندێ کارو پرۆژە باشتر بوایە، لەلایەکی تر لە هەموو وڵاتانی دنیا شارەکانیان یا پایتەختەکەی گۆڕەپانێکی هەیە کە پێی دەناسرێت، بەڵام لەمبارەوە تا ئێستاکە هەولێر گۆڕەپانێکی ئاوای نییە کە پێی بناسرێتەوە، هەر چەندە ئەو گۆڕەپانەی کە لە شوێنی دەلاڵخانەی کۆن دروستکراوە دەروازەیەکی باشە بۆ دەرکەوتنی سیمای راستەقینەی قەڵات، لەلایەکی تر وەکو بەشی تەلارسازی دەبێت هەموو شتێک دیراسە بکەین و بۆیە بە بیروبۆچوونی من لە ناو سەنتەری شار وەکو هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو هەموو خاوەن موڵک و سەرمایەدارێک هەرچییەکی دروست دەکات هەقی خۆیەتی، بەڵام دەبێت مۆڵەتی شارەوانی هەبێت و لە پرۆژەکەشی رەچاوی کلتورو سیماو شارستانیەت و بیناسازی شارەکەی بکات . پێویستە لایەنی پێوەندار لە پرۆژەکاندا مەرج و رێنمایی ئەندازەی و شارستانی و تەلارسازی بەپێی پسپۆڕایەتی لەسەر خاوەن کارەکان فەرز بکەن، پاراستنی کلتورو تەلارسازی کۆن دەبێتە دەروازەیەک لەبەر دەمی گەشتیارانی هەموو جیهان. لێرەدا داواکارم حکومەت و لایەنی پێوەندار زۆر بەتەنگی ناو سەنتەری شارو دەوروبەری قەڵاتی هەولێر بن بۆ پاراستنی ئەو شارستانییەتە کۆن و زیندووە و پارێزگاری لە دیزاین و شێوەی بیناسازی و شارستانیەتی بنیادنانی خاوونوبەرەو تەلارەکان بکەن کە هەموو ئەوانە رەمزی زیندوویەتی هەولێری پایتەختی کوردستانە.

لەلایەکی ترەوە ئێمە وەکو بەشی تەلارسازی بۆ دیزاین و ئەنجامدانی هیچ پرۆژەیەک لە

**بۆ ئەم ساڵ دوو پردی پەرینەوەو بەرزە پردو ژێر پردی چواریانی مەخمورو پرۆژەی تەواوکاری ڕێگای ١٢٠مەتری پارەی بۆ تەرخانکرا**

لایەن حکومەت و وەزارەتەکانەوە پرسمان پێ نەکراوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان لە لایەن حکومەت و وەزارەتەکانەوە نووسراوێکمان بۆ نەهاتووە کە بڵێن لە فلانە کارو پرۆژە نوێنەرێکی بەشی تەلارسازی با ئامادەبێت .

**بوونی کتلەی گەورە لە بەردو چیمەنتۆ**

سەبارەت بەبازاڕی نیشتمان سەرۆکی بەشی تەلارسازی وتی: بازاڕی نیشتمان دوو لایەنی هەیە لایەنێکی ئەوەیە کە بازاڕێکی گەورەیەو دەروازەی قەڵات بەباشی دەرکەوتووە، بەڵام لە لایەکی تر ئەو جۆرە بازاڕو بینایە گەورانە پێویستە لە سەنتەری شار دوور بێت، تەنانەت تەواو نەکردنی پرۆژەکە و مانەوەی ئەو تاوەرانە سیمای شارەکەی زۆر ناشرین و بێسەروبەر کردووە، جگە لەوەی تاوەرەکان مەترسی کەوتنیشیان لێ دەکرێت . هاوکات ئەو هەموو باڵەخانە بەرزو گەورانەو بوونی کتلەی گەورەی بەردو چیمەنتۆ شارو گەڕەکەکانی خنکاندووە و ڕێژەی باخچەو پانتایی سەوزایی لە ناو گەڕەکەکان و شاردا زۆر کەمە و هاووڵاتیان هەست بە دڵ تەنگی دەکەن، لە ماوەی دووساڵی ڕابردوو کەمترین کار لە بواری پانتایی سەوز لە ناو شاری هەولێر کراوە، ئەو بوارەش پێویستی بە بودجەی باش هەیە، دەبێت حکومەت و وەزارەتی

> **هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی ئەو پرۆژە ستراتیژی و گرنگانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بودجە**

شارەوانی و گەشت و گوزارو پارێزگا خەمی جیدی لێ بخۆن بە تایبەتی پشتێنەی سەوزی دەووروبەری هەولێر.

چونکە ئێمە لە ماستەرپلانی شار بەشدار نەبووین کە پرۆژەیەکی زانستی ئەندازیارییەو زۆریش گرنگە بۆ گەشەکردنی هەموو شارو شارۆچکەیەك و پرسیش بە ئێمە نەکراوە بۆیە هەر کەموکوڕی و کێشەو گرفتێك هەبێت یا لە ئایندە و دوارۆژ ڕوودات ئەوە ئێمە تێیدا گوناهبار نین . هەروەها دیزاینی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین کە بۆ خۆمانە ئێمە درووستمان نەکردووە و کۆمپانیای بیانی بە پارەی زۆر خەیاڵی درووستیان کردووە و دیزاینی تر وەکو ئاوەڕۆی ئاوی قورس هەولێر ئێمە لێی ئاگادارنین.

**زۆربەی کۆڵانی گەڕەکەکان تەسکە**

سەبارەت بەو کەموکوڕیانەی لە لایەنی ئەندازەی شارستانی و تەلارسازی لە هەولێر هەیە سەرۆکی بەشی تەلارسازی وتی: بەڵی کەموکوڕی لە لایەنی ئەندازەی شارستانی و تەلارسازی لە هەولێر هەیە و پێویستە دووبارە ڕێکخستنەوە لە بواری شارستانی تەلارسازی بۆ هەولێر بکرێتەوە، هەر بۆ نموونە زۆربەی کۆڵانی گەڕەکەکان تەسکە و خەڵك هەیە بناخەی خانووەکەی زۆر بەرز دەکات کە کاریگەری لەسەر خانووەکانی دەوروبەری خۆی درووست دەکات، بۆیە پێویستە دیزاینی گەڕەکەکان لە لایەن حکومەت و لایەنی پێوەندار دابنرێت و هەموو کەسیشی پێی پابەندبن نەك وەکو ئێستا کە هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی خانوو و باڵەخانە درووست دەکات . لە لایەکی تر ئەو شارو گوندانەی لە هەولێر لە چەند ساڵ ڕابردوو کراون کەمترین مواسەفات و مەرجی ئەندازیاری شارستانی و تەلارسازی تێدایە، هەروەها بۆ پاراستنی مێژووی بیناسازی شارەکەو کلتوورەکەی پێویستە لیژنەیەکی پسۆڕو شارەزا لە بوارە جیاجیا هەبێت بۆ ئەوەی لە تێکدان و درووستکردنی هەر خانوو باڵەخانەیەك بە تایبەتی ئەوانەی کە کۆن و مێژوویەکی دیاریان هەیە کە ڕەسەنایەتی میللەت و شارەکەیە پرسیان پێ بکرێت .

